خوێندنەوە



هاشم سەراج

# بارۆنی سەر دارەکان و گەڕانەوە بۆ روحی سروشت

بارۆنی سەردارەکان ناوونیشانی رۆمانێکی "ئیتالۆ کالڤینۆ"یە "عەتا نەهایی" لە فارسییەوە وەری گێڕاوە، هاوکات لە رێگەی پێشەکییەکی و خوێندنەوەیەکی کورت زانیاریگەلێکی جۆراوجۆری دەربارەی شێوازی تایبەتی گێڕانەوەکان، خەیاڵ و فەنتازیا تەوسی زمان، تێکەڵکردنی واقیع و مێژوو، خەیاڵی شاعیرانە، ریالیستی ئەفسانەیی، ژیانی دارنشینی و عیشق و گەڕانەوە بۆ ژیانی مرۆڤی سەرەتایی خستووەتە روو، وەک لە پێشەکییەکەی وەرگێڕی کوردیدا هاتووە «ئیتالۆ کالڤینۆ لە ساڵی ١٩٢٣ لە سانتیاگۆ دێ لاس ڤێگاس کووبا هاتووەتە دنیا، دایک و باوکی ئیتالی و گیاشناس بوون،



کاریگەری ئەم تایبەتمەندییە زانستییەی دایک و باوکی، لە جیهانی بێ وێنەی ئەم کتێبە و ناسیاوی قووڵی نووسەر لەگەڵ دار و درەخت و گژوگیا و گیانلەبەرەکاندا رەنگ دەداتەوە، هەروەها بەرهەمەکانی بریتین لە رۆمانی "ڤیکۆنتی دوو کوت بوو" ، "شوالییەی نەبوو" ، "زەمەنی سفر و رووداوەکان" ، "مارکۆ ڤالدۆ" ، "شارە ونەکان" ، "ئەگەر شەوێک لە شەوانی زستان موسافیرێک و.." ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٨٥ ماڵئاوایی لە ژیان و نووسین کردووە» ئیتالۆ کالڤینۆ لەم رۆمانەدا سوودێکی زۆری لە بوارەکانی رووەکناسی و هەنگداری، باڵندەناسی وەرگرتووە و بەپێی چۆنیەتی ژیان و رەفتار و هەڵسوکەوتی «کۆزیمۆ لاڤێرس دورۆندو»ی درەختنشین لە فەزای رۆمانەکەدا بەکارهێنراون، بۆ نموونە دیارکردنی جۆر و خەسڵەت و سروشتی ئەو دار و درەختانەی لە باخ و دارستانەکانی ناوچەی "ئۆمبرۆزا" دا بەرچاو دەکەون. وەک داربەڕوو، نارەوەن، خەرنووب، دارتوو،




درەختی ماگنولیا، دارحەیزەران، عەرعەر، دارهەنجیر، نارنج، دارگێلاس، بەهێ و خۆخ و بادام، دارسنجوو، زەیتوون و گوێز و سپیدار و هەڵووژە و کاج و سنەوبەر، شابەڕووی هیندی، دارئالیش، دارئەفرا، دارتوسکا، دارغانە، هەنار و دارەبەن، چنار و فونجی، دارگلیسین و سەرەڕای ئەو رەزە گەورە و بەرفراوانانەی کە جۆرەها هێشووە ترێیان لێ شۆڕبووەتەوە، هەروەها چەندین جۆر باڵندەی هەمەڕەنگ لە جەنگەڵ و لەسەر دار و درەختی ئەو ناوچەیەدا دەژین لەوانە، دارکونکەرە، هەوێردە و سوێسکە، کەڕەواڵە، هەنجیرخۆر، پەپوو سلێمانده، سەیرە... هتد. جۆرەها گیانلەبەری کێویش وەک رێوی، پشیلەی کێوی، دەڵەک ، کەروێشک و جارجارەش هێرشی ناوادەی گەلەگورگی برسی... واتە سروشت لە رۆمانی بارۆنەکاندا بە خاک و خۆڵ و باخ و باخات و دارستان و باڵندە و گیانلەبەری کێوی و مێشەنگ و راو وشکار و بەوەرزە جیاجیاکانییەوە پانتاییەکی زۆری داگیر کردووە، پانتاییەکی لە رێگەی داتا و زانیاری و بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، دەتوانم بڵێم تێکستی بارۆنەکان لە بنەڕەتدا هەڵگری بنیاتێکی ئەڤینییە، چونکە رووداوە سەرەکییەکەی ئەم رۆمانە پابەندە بە چرکەیەکی نەگوتراوەی عیشق و سۆز، یا عیشق و سۆزێک لە دەورانی منداڵییەوە لە نێو دڵ و دەروونی کۆزیمۆدا بەرجەستە دەبێت و تا دێ هێمنی و ئارامی لێ تێک دەدات و دواجار لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا دووچاری جۆرێک لە نیگەرانی و بێمۆبالاتی دەکات و وەک بوونەوەرێکی یاخی و سەرچڵ دژی دابونەریتی بنەماڵەکەی

دەوەسـتێت، راسـتـە "باتیـسـا"ی خـوشکی جـارجـارە بە هـۆی ئامـادەکـردنی چێـشـتی قیزەونەوە سـوکایەتی پێ دەکات، «کۆزیمۆ حەزی لە خواردنی شـەیتانۆکە نەبوو» ... بەڵام لە بنەڕەتدا رۆحی کۆزیمۆ سەرکەشانە هەڵکەوتووە و حـەزی لە ئازادی و سـەربەستییەکی لە رادەبەدەرە و بەرگـەی دانیـشـتنە فـەرمـییـەکانی خـوانی رازاوەی نێـو کـۆشـک و تەلار ناگرێت کە تێیدا بارۆن «ئارمیتیوس لاڤێرس» ی باوکی و "فەوشلافلور"ی قەشەی بنەماڵە و "شوالیەکارگا"ی پارێزەر و "دۆلاڤێرس"ی دایکی کە کچی ژەنەراڵ کونراد ڤۆن کورتویتز بوو، ئامادە دەبوون، واتە ئەڤینی شاراوەی "ڤیۆڵتا" وای لێ دەکات لە بنەماڵەی خانەدان و ئەشرافزادەی خۆی یاخی بێت و ژیان و گوزەرانێکی تر هەڵبژێرێت.

لە کـاتێکدا "ڤـیـۆڵـتـا"ی کـچـە قـژسـووریش سـەر بە بنەمـاڵەی خـانەدانی ریڤـالۆندەیە، هـاوکـات جـۆرێک لە دووژمنایەتی لە نێـوان هـەردوو بنەمـاڵەی کـۆزیمـۆ و ڤیۆڵتـاشـدا هـەیە، هۆیەکـەشی بۆ مـۆڵکداری و باخ و زەوی دەگـەڕێتـەوە، کـۆزیمـۆ بەر لەوەی لە خـانەوادەکەی یـاخی بێت و بە داربەڕووەکـە هەڵبگـەڕێت و تا دواین چرکـە و ژیانی لەسـەر لقی درەختـەکان بەسـەر بەرێت، کـۆزیمۆ پێشتر دوور بەدووری ئەو کـچـە قـژسـوورەی دیوە و شـەیدای جـوانیـیـەکـەی بـووە، بەڵام لە رووی پرۆسـەی نووسینەوە دەق لەسـەر کـۆمـەڵێک بنەمـای هونەری کـاری کـردووە، لەوانە رەگەزی گێڕانەوە لە دەسپێکی رۆمانەکەوە تا کـۆتـایی بە «بیاجـۆ»ی برای کۆزیمۆ سپێردراوە کە چوار ساڵ لەو بچووکترە، واتە بیاجۆی گێڕەوەر هێدی هێـدی رووداوەکـانی ژیـانی کـۆزیمـۆ دەگـێـڕێتـەوە و لە مـیـان دیالـۆگ و هەندێ چرکـەی نوسـتـالیـژیاییش درێژە بە رووداوەکان دەدرێت، سـەرەڕای ئەوەیش دەق هـەڵگری رسـتـە و بڕگـەگـەلێکی جـۆراوجـۆری شیـعـرییـە، کـردەی عیـشـق لەم رۆمـانەدا لە ژوانی کـوڕ و کـچێکی نەورەسیدە دەکات کە لە دوو فیـردەوسی جیـای تـەنیـشت یەکدا دەژین و لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر ناتوانن دیداری یەکتر بکەن.




باخـی بنەمـاڵەی ریڤـالۆندە یا باخـچـەکـەی ڤـیـۆڵـتـا باخـێکە «دەیانگوت ئەو باخـە تێکەڵەیەکی لە دارسـتـانەکـانی هیند و ئەمریکایە و تەنانەت گژوگـیـای ئاسـیـای دووریشی تێـدایە» باخـی بنەمـاڵەی لاڤـێـرسـی بارۆنیش یان باخـەکـەی مـاڵی کـۆزیمـۆ لاڤـێـرس... هـەروەتر بە جۆرەها دار و درەخت و گژوگیا و گوڵی دەگمـەن رازاوەتەوە. کاتێ کۆزیمۆ لە بنـەمـاڵـەکـەی دەتۆرێ و بڕیاری یەکـجـاری دەدات سـەرتـاسـەری ژیانی بە دارنـشـیـنی بەسـەرببـات و چی تر قاچی نەخـاتە سـەر زەوی، یان هـەمـوو ژیانی لە نێـوان ئاسـمـان و

زەوی بەسەر بەرێت، «کۆزیمۆ لەسەر دارتووە گەورەکەی خۆمانەوە خۆی گەیاندە دیوارەکە. ئەوسا چەند شەقاوەیەکی بەسەر دار هەڵێنایەوە گەیشتە گەڵا و گوڵەکانی ماگنۆلیاکە و بە و دیو دیوارەکەوە شۆڕبووەوە». کۆزیمۆ لە یەکەم چرکەی یاخیبوون و هەڵگەڕانی بە داربەرووەکەی باخەکەیان هەوڵ دەدات درەختاو درەخت و لقاولق خۆی بگەیەنێتە باخەکەی بنەماڵەی ریڤالۆندە، تا دیدەنی ڤیۆڵتای کچە قژسوور بکات. یا ئەو کچەی لە باخەکەیدا لەسەر ریتمی رستەیەکی مۆسیقی "ئۆه لا لا لا" گۆرانی دەگوت... کۆزیمۆ سەیری ژێر پێی خۆی کرد لە لقێکی گەورەوە تەنافێکی رایەڵ کرابوو کە دەجووڵایەوە و کچێکی قژسووری شەش حەوتساڵان لە سەری دانیشتبوو، «کچۆڵە گوتی من ناوم ڤیۆلانتە بەڵام ڤیۆلتام پێ دەڵێن، کۆزیمۆ گوتی بەمنیش دەڵێن مینۆ»

لەم بەشەدا کردەی نووسین هێندە بە وردی وەسفی گیاوگۆڵ و دار و درەختەکانی ئەم باخە دەکات دەڵێی لە فیردەوسی خوایی دەدوێت تێیدا گیژۆڵەیەکی قژسوور، مانەندی - بەیاتریس - ی دانتی ئەلیژیری - تەنافێکی باریکی کردووەتە جۆلانە و بە جۆرەها گوڵی رەنگاورەنگیش دەوردراوە، هاوکات چەمکی عیشق و جوانی لەم دیمەنەدا چەشنی عیشقی - رۆمیو و جولێت - ئاستەنگەکانی دوژمنکاری بنەماڵەیی تێکدەشکێنێت، چونکە ڤیۆڵتاش وەک کۆزیمۆ هەڵگری روحێکی یاخیگەرانەیە، ئەوەتا وەک تیژۆکەی بنەماڵەی ریڤالۆندە دۆستی منداڵە میوەدزەکانە، یا خۆی بە سەرۆکی منداڵە میوەدزەکان هەڵدەکێشێت «کچە قژسوورەکە پێ کەنی، پێکەنینێک کە بە




قەدەر هاتوچوی جۆلانەکەی خایاند... نا، من منداڵە میوەدزەکان دەناسم، هاوڕێمن، قاچیان رووتە و کراسی دڕاویان لە بەردایە، ئەوان نە پێڵاویان هەیە و نە کڵاوقژ» ئیتر لەو رۆژەوە کە کۆزیمۆ روو لە باخ و دارستانەکانی ناوچەی ئۆمبرۆزا دەکات و دارەکان لق بە لق دەپێوێ و هەموو ژیانی بە دارنیشینی بەسەردەبات و هەمیشە لەگەڵ عیشقی فیۆڵتا و هەندێ چرکەی - ژەنەڕاڵ - ی دایکیشی دەژێت وەک مرۆڤێکی سەرەتایی یا وەک مەیموونێکی زرنگ چڵ بە چڵ دار و درەختی دارستانەکان دەپێوێ و شارەزای نهێنییەکانی روحی سروشت و دار و درەخت و گژوگیا و رووەک و خەسڵەتی ئاژەڵە کێوییەکان و خۆشی و توندوتیژی وەرزەکانی ساڵ دەبێت و یان لە روانگەی جان جاک رۆسۆوە هێمنی و ئارامی و ئاسوودەگی لە روحی سروشتدا دەدۆزێتەوە.

(زستان هات کۆزیمۆ باڵاپۆشێکی درێژی لە پێستی چەند کەروێشک و رێوی و سمۆرە

بۆ خۆی دروو، کڵاوە پێستە پشیلە کێوییەکەی لەسەر دەکرد، پانتۆڵێکی لە مەرەزی بزن بۆ خۆی دروو، جووتێک پێڵاوی لە پێستی شغارە...)

بەڵام تا دێ تێکستی بارۆنی سەر دارەکان رووە و جۆرێک لە قەرەباڵغی و بارگرانی بابەتی هەنگاو دەهاوێژێت، کۆمەڵێک رووداوی سەیروسەمەرەی تێ دەترنجێت کار لە نەسقی گێڕانەوە و داڕژانی ئێستەتیکی و هەندێ لایەنی بێ گەردی ژیانی سەرەتایی و عیشقی نێوان کۆزیمۆ و ڤیۆڵتا دەکەن و ئاوازی پرۆسەی نووسین و سیمفۆنیای پانتاییی تێکست بەرەو نەشازی و جۆرێک لە پەرش و بڵاوی رادەماڵدرێن، هۆکاری سەرەکیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە پرۆسەی نووسین لەم تێکستەدا هەوڵی داوە کەسایەتی کۆزیمۆ وەک فریادرەسێک نیشان بدرێت لەگەڵ ئەوەی ژیانی لەسەر لقی درەختەکان بەسەردەبات بەڵام هەردەم لە کێشە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان دانەبڕێت و داکۆکی لە خاک و گەل و نیشتمانەکەی بکات، بۆ نموونە ئەو کاتەی "ئۆگۆ" زلە و "لۆریۆ جوانێیە"ی رێگر ئاگر لە دارستانێکی ناوچەی ئۆمبرۆزا بەردەدەن کۆزیمۆ ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە، پاشان کۆزیمۆ لەسەر لقی درەختەکان دادەنیشت و کتێبی جۆراوجۆری دەخوێندەوە و لەگەڵ "جوڤانی خەلەنگ" رێگر و چەتەش کتێبی دەگۆڕییەوە، جوڤانی خەلەنگ گوتی "لە زمانی فەرانسە دەگەم، هەروەها لە زمانی توسکایی و کاستیلیش، تەنانەت کەمێک کاتالانیش دەزانم" یا بیاجۆ بەردەوام کتێبی لە کتێبخانەی ماڵەوەیان هەڵدەگرت و بۆ کۆزیمۆی دەبرد، جوڤانی خەلەنگیش ئەو کتێبانەی دەخوێندەوە، بۆ نموونە هەردووکیان زۆربەی رۆمانەکانی "ریچاردسۆن" یان خوێندەوە یا ئەودەمەی جوڤانی خەلەنگ کتێبەکەی "کلاریس هارلۆ" دەخوێنێتەوە ئۆگۆز کە کتێبەکەی لێ وەردەگرێت و دەیەوێ پەڕەیەکی لێ بدڕێنێت پاشان جوڤانی خەلەنگ لە تەلیسێک دەکەن و بۆ ماڵی باجگری خۆیی دەنێرن تا گەنجینەکەیان بۆ بدزێ، رۆمانی بارۆنەکان تا دێ کۆمەڵێک بابەتی جۆراوجۆر دەورووژێنێت بەڵام بابەتەکان نەسقی رێکوپێکی و هەماهەنگی پرۆسەی نووسین تێک دەدەن و دنیابینی دەق پەرش و بڵاو دەبێت.




ئەگەر بهاتایە تێمە نووسین لە بواری گەڕانەوە بۆ سروشت و عیشق و هێرشی منداڵە میوەدزەکاندا قەتیس بکرابایە دەقەکە چێژ و چەشەیەکی زوتری بە خوێنەر دەبەخشی، چونکە هەندێ بابەت و رووداو هەن لەم رۆمانەدا باسیان لێوە کراوە، دەکرا بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان وەک نوڤلێتێکی تایبەت بخرابانە بەردیدی خوێنەر، بۆ نموونە

چوونی کۆزیمۆ بۆ شاری "باسۆلیڤا" کە لق بەلق یان چڵ بەچڵ جەنگەڵەکان دەبڕێت و چاوی بە "ئورسولا"ی کچە جوانەکەی سەر دار و دەرکراوەکان دەکەوێت، یا کچێک بە ناوی "فرانکوتا" دەناسێت، یا گەشەسەندنی لایەنی هزی لای کۆزیمۆ و چاپکردنی چەند کتێبێک بە هۆی ئەو پیت و چاپخانە چکۆلەیەی لەسەر لقی درەختێک دای دەمەزرێنێت و کتێبەکان کار لە هزر و بۆچوونی "فەوشلافلور"ی قەشە دەکەن و دواتر بە ئەتایست تۆمەتبار دەکرێت و لە زینداندا سەر دەنێتەوە، یا دیداری شوالییە و چەتەکان و پاشان کوژرانی لە نێو گەمییەکەدا و هەروەها تالانکردنی کەلوپەلە شاردراوەکانی چەتەکان لەلایەن مسگەر و خەلووزچی و خەڵکانی هەژار و رەشورووتەوە، ئەمە و چەندین بابەتی هەمەجۆر و رووداوی سەمەرە کە تیمەی سەرەکی رۆمانە کە بەرەو جۆرێک لە ئاڵۆزی و فرە بابەتی و دابەزینی بەهاو ئاستی هونەری دەبەن و کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەلایەتی و چینایەتییەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ گوزارەیان لێ دەکرێت و بایەخ بە نرخ و بەهای هونەری ناردێت، بەلام ئەو دەمەی پرۆسەی نووسین لە بابەتەکانی عیشق و سروشت و چرکە نوستالژییەکان دەدوێت هەست دەکەین بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک بیروبۆچوون و رستە و دەستەواژە و برگەگەلی پراوپڕ لە هزر و دینابینیی دەخرێتە روو، بە تایبەتی کاتێ گوزارە لە نهێنییەکانی روحی سروشت و گژوگیا و گوڵ و باخ و باخات و جەنگەڵە چڕەکانی ناوچەی ئۆمبرۆزا و پێوەندییە ئەڤینی و ئێرۆتیکییەکەی نێوان کۆزیمۆ و ڤیۆلتا دەکرێت کردەی وەسف و وەسفکاری بە شێوازێکی شیعری لە ناوچە و دەوروبەر و شتگەل و کەرستە سروشتی و ناسروشتییەکان دەدوێت زۆر بەگەرموگوڕی و شەیدای، نهێنی و پێوەندییەکان دەدرکێنرێت و بە وردیش شی دەکرێنەوە، ئەمە چەند سەرنج و تێبینییەک بوون دوای خوێندنەوەی رۆمانی "بارۆنی سەردارەکان" لە لام گەلاڵە بوون و حەزم کرد لە دووتوێی ئەم خوێندنەوە کورتەدا تۆماریان بکەم.




٢٠٠٩/٧/٤

**سەرچاوە: بارۆنی سەر دارەکان**